حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٣٩) لە ٢٠٢٤/١/٣١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و دوابەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٣) لە ٢٠٢٠/٧/١٧، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٥) لە ٢٠٢٤/١/٣١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی ڕەشنووسی (ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق) کە وێنەکەی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە.

٢. ڕاسپاردنی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ئاڕاستەکردنی ڕەشنووسی پەسەندکراوی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی واژووکردنی لەلایەن بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و دواتر ناردنی بۆ وەزارەتی داد بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

٣. وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە دوای دەرکردنی ڕێنماییەکە لەلایەن بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**